# هەڵەی پزیشکەکان خوێندان (دیة ) واجب دەکات

[ كردي – کوردی – kurdish ]


## شێخ صالح الفوزان



**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# أخطاء الأطباء هل فيها دية

« باللغة الكردية »

## الشيخ صالح الفوزان

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2013 - 1434

IslamHouse.com

# هەڵەی پزیشکەکان خوێندان (دیة) واجب دەکات

**پرسیار :** بە نسبەت ئەو پزیشکانەی کە نەشتەرگەری بۆ نەخۆشەکان دەکەن، جاری وا هەیە نەخۆشێك لەژێر دەستی یەکێك لەو پزیشکانە وەفات دەکات و دەمرێت، ئایا لەم حاڵەتەدا چی واجب دەبێت بەرامبەر ئەو پزیشکانە بکرێت، وە ئایا کەفارەتیان لەسەر واجب دەبێت ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە و درود وصەڵات وسەلام لەسەر پێغەمبەرمان محمد المصطفى وئال وبەیت وهاوەڵانی هەتا هەتایە .

ئەگەر هاتوو ئەو پزیشکە لەکارەکەیدا کەمتەرخەمی کردبێت، و دەرەنجامی ئەو کەمتەرخەمیە ئەو نەخۆشە لەژێر دەستیدا وەفاتی کردبێت، یان ئەو پزیشکە پزیشکێکی پسپۆڕی وا نەبوو کە ئەو نەشتەرگەریە ئەنجام بدات، بەڵام لەخۆیەوە نیشتە ملی ونەشتەرگەریکەی کرد ونەخۆشەکە دەرنەچوو لە ژێر

نەشتەرگەریەکەدا و مرد، ئەوە دەبێت لەم حاڵەتەدا ئەو پزیشکە لێپرسراوە بەرامبەر ئەو هەڵەیەی کە کردوویەتی، بۆیە واجبە لەسەری کەفارەتی بدات، وە خوێنی ئەو کەسەش دەکەوێتە سەر خزم و کەسوکارەکەی کە بیدەن بە کەسوکاری ئەو نەخۆشەی کە وەفاتی کرد، چونکە لەم حاڵەتەدا ئەم جۆرە بە (کوشتنی بەهەڵە ) ئیعتبار دەکرێت .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو پزیشکە لەو بوارەی خۆیدا پسپۆڕ بوو، وە هیچ کەمتەرخەمیەکیش بەکارەکەیوە بەدی نەدەکرا، وە حاڵی ئەو نەخۆشەش ئیحتمالی ئەو مردنەی لێدەکرا، لەم کاتەدا هیچ شتێك واجب نابێت لەسەر ئەو پزیشکە، وە هیچ شتێکیش ناکەوێتە سەری لەبارەی کەفارەت و خوێندانەوە، چونکە ئەو پزیشکە هیچ کەمتەرخەمیەکی نەکردووە و پسپۆڕی بوارەکەی خۆیشی بووە .

خوای گەورە زاناو شارەزاترە .

سەرچاوە : (المنتقی من فتاوی الفوزان )